# ژنە رۆماننوسە هیندییەکان، دەستبەسەر رۆمانی ئینگلیزی دادەگرن. . !

وەرگێران و ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی ـ ســــوید
heinisherzad@hotmail.com

لە هەفتاکانا، رەڤەندی هیندی لە ولاتانی ئەفریقیدا. بەتایبەتی لە ولاتانی وەك ئۆغنداو غینیا، ناکۆکییان لەگەڵ هاولاتیە ئەسلییەکان گەیشتە ئەوپەری، بە توندی و بێ شەرمانە داوایان لێکردن، هەرچەندی زووە ولاتەکەیان چۆل بکەن، بە دوای گەورەکانیان بکەون. بەرەو دوورەگەکانی ئینگلترا کۆچ بکەن. ولاتیان بۆ چۆل بکەن.

پەساپۆرتیان بۆ سازکردن و هانیاندان کۆچ بکەن. بە گالتەکردنەوە پێیان دەوتن، برۆن وەك ئەوان، جلی ئەوروپی لەبەربکەن، ژن و ژنخوازییان لەگەڵ بکەن. بەوە ویستیان تۆڵەی سەردەمی نەژادپەرستی و ستەمەکانیان لێبکەنەوە. ئەوان ماوەیەکی زۆر درێژ مابونەوەو هاوشانی گەورەکانیان ولاتیان بەرێوەدەبرد. ئەگەرچی ئەوان، واتە هیندییەکان، قازانجی زۆریان بە ولاتەکان گەیاندبوو، بە بازرگانیەکانیان ولاتەکانیان بوژاندبۆوە. بەڵام ئەوان ئەوەیان لەبەر چاونەگرت و داوایانکرد ولاتەکانیان چۆلبکەن.

بەم بیانۆیانەوە، هیندیەکان، لەو ولاتانە دەرکران. ناچارکران، بە جۆرەها شێوە تەنگیان پێهەڵدەچنین، بێزار دەکران. بەناچاری، لەبەردەم دەروازەی بالوێزخانەکانی بریتانا لەو ولاتانە رێزدەبوون، ڤیزای سەفەریان بەرەو ولاتی دووەمیان وەردەگرت. بەم شێوەیە کاروان کاروان، بەرێکەوتن و بەرەو دوورگەکانی بریتانی رۆیشتن.

لەم دوورگە ساردانە دابەزین، بە شەقامەکانا وەربوون. پیاوەکان بە جلی تەنك، ژنەکانیان بە شالی تەنك، لەو مەیدانە ساردانە دابەزین. بە پێی پەتی، بە گۆریە تەنکەکانیانەوە دابەزینە سەر شەقامە ساردەکان. کەوتنە ناو گێژاوی ساردی زریان، ئەوانە هەر لە ولاتی گەرم ژیابون و پۆشاکیان هی ولاتانی گەرم بوو.

زۆری نەخایاند، لەم ولاتە تازەیەدا، لەم هەوارەوە دەستیان دایە کاسبی. دوکانی زێرینگریان کردەووە، هونەرو کارامەیی خۆیان دەرخست. زۆری نەبرد بۆنی " کاری" شەقام و کوچەی بازارەکانی تەنیەوە. لەسەر شۆستەکانا مێوەفرۆش و سەوزەفرۆشی هیندی پەیدابوون. خواردنی خۆرهەلاتی بینرا. چێشتخانەی خۆرهەلاتی کرایەوە.

وەك چۆن ئەفریقیەکان پێشبینیان دەکرد، لەگەڵ کۆمەلەکە ئاوێتە بون. ! چونە ناو بازارەکانیان، دوکان و چێشتخانەکانیان، هاولاتیانی ئینگلیزی بە گەرمی رووبان تێکرد. منالەکانیان ناردە بەرخوێندن، ژن و ژنخوازییانکرد. منالەکانیان چونە ناو دەزگاکانی فێربوونی دوا پێشکەوتنی تەکنلۆژیا، وەك ئەوەی لەمێژە ئەوان بەشێك بوبن لە کەلتوورو جەستەی ئەم ولاتە تازەیەدا. دەستیان هاویشتە ناو دەستی بازرگانە گەورەو

کۆمپانیاکانیان. فێری مامەڵەی بازرگانی قەبەبون. دووبارە وەك چۆن ئەفریقیەکان بۆیان پێشبینی کردبوو، جلی ئەو ولاتەیان لەبەرکرد، کیژو کورەکانیان جینزو تەنورەیان پۆشی.

نەك. ! هەر جلوبەرگی ئەوروپییان لەبەرکردو بەس، کیژەکانیان چونە بەرخوێندن، زمانەکەیان چاك فێربوون، بونە نوسەریش و رۆمانیشیان نوسی. بەڵێ رۆمانیان بە زمانی ئینگلیزی لە ئینگلیزەکان باشتر نوسی. زمانێك ئەوەندە جوان و پوخت، بوە جێگای سەرسورمانی زمانزانەکان. ئەو زمانەی ئەوان پێیان نوسی سەرنجی خوێنەرانی راکێشا. بەلای شارەزایان جێگای مەبەست و زانین بوو. چۆن. ! لە لیستی ناوو بەرهەمەکان پالێوراو بۆ خەلاتی"بۆکر" ی ئەدەبی ژنانی ناسراو ناویان هات. شەش رۆمانی چاکیان بۆ ئەم خەلاتە پێشنیارکرا. رۆمانەکان بۆنی ئیمرۆو دوارۆژی لێنەدەهات، لە رۆژگاری ئیمرۆ نەدەدوان، هەموو بۆن و ئاکاری دوێنی دووریان پێوەبوو. ئەوەی جێگای پرسیارو سەرسوڕمان بوو چۆن ژنێکی تەنیا تەمەن ٢٤ سالان خەلاتی بەرکەوێت. . ! نوسەر " زادی سمیس" بە نەژاد هیندی، باسی دەڤەری ویلسدونی خۆرهەلاتی لندن دەکات. ئەو رۆمانەی لە سالی ( ٢٠٠٠ ) بلاوکراوەتەوە، خەلاتی بەرکەوت. رۆمانەکە بۆنی ئاوێتەی رەڤەندەکانی ئەم دەڤەرەی لێوەدەهات. رۆمانەکە ئاوێتەی کەلتووری ئەوانەیە، کە لەو دەڤەرە بیگانەنشینە گوزەر دەکەن.

ئەگەر ئەو نوسەرە گەورە جیهانیە بریتانیانە بەنەژاد هیندیانەی وەك رۆماننوس ( ف. ئاس. نیپۆل ) کە خەلاتی نۆبلی ئادابی سالی ٢٠٠١ بەرکەوت. یان سلمان روشدی و حنیف القرشی باس نەکەین، بەس ئاماژە بەو ژنە نوسەرە هیندیانە بکەن کەوا نوسەری گەورەن و خەلات دەکرێن.

ئەگەر نیگا لە لیستی ناوو کاری ئەو نوسەرە ژنە هیندیانە بکەین کە رۆمانی چاکیان نوسیوە. ئەوە چاك و ورد هەست پێدەکەین، ئەوانە لە نوسەرانی تر زۆرترو چاکتر دارشتنی رۆمان و گەشەی کەسایەتی و گونجاندنی رەوش و گۆڕانی بابەت و چەسپاندنیان بە هزرو هۆش بووە. بە بۆچوونی رەخنەگران و شارەزایان ئەو ژنە نوسەرانە، کارامەو وردکارو وریان، لە بەکارهێنانی هونەرەکەیان، بۆ چارەسەرکردنی قیم و بنچینە سەرەکییەکانی سنووری نەتەوەیی و چینایەتی و جنسی و هەموو ئەوانەی نەژادی مرۆڤی لەیەکتری جیادەکاتەوە. ئەوانە گەڕۆکن بە دوای مەبەستە پاك و شەریفەکان. شەیدای ئەوەن پیرۆزەکانی مرۆڤی خۆشگوزەران دەستنیشان بکەن. ئەو مەرجانەی ئەو چەرخە تازەیان بۆی دەستەبەر دەکات، یان لێوەی دووردەخاتەوە.

سێ ژنە هیندی رۆماننوسیمان هەیە، جێگای مەبەستن، کە بە ئینگلیزی دەنووسن. کتێبەکان تەرجمەی زۆربەی زمانانی جیهانکراون. بە درێژی و پانی شەقامەکان بۆ فرۆشتن راخراون. یەکێك لەوانە، " ئەرندا تیرۆی" ئەوەی یەکەم رۆمانی خەلاتی بەناوبانگی بووکری سالی ١٩٩٧ بەرکەوت. ئەو رۆمانە، سەرەتا لە هیند بلاوکرایەوە، دوایی لە بریتانیا. ئەوەی شایانی باسە، ئەو نوسەرە هێشتا لە هیند دەژیت. رەخنەگرێك، وای پێناسە کردووە:

به راستی ئەم كاره ئەدەبیە، كارێكی نایاب و دەگمەنە. !! رۆمانەكەی هەتا ئیمرۆ شەش ملیۆن دانەی لێفرۆشراوه. پێش ئەویش نوسەری فره بەهره( میرا سیل) دانیشتووی لندن، ئەكتەرو سیناریونوس و دەرهێنەری تلفزیونی ناودار، بۆ رۆمانی" من و ئەنیتا" له ساڵی ١٩٩٦ خەلاتی " " بیتی تراسك" ی بەركەوتووه.

لەدوای ئەم رۆمانه رۆمانی " ژیان هەمووی ها ها هی هیە"، ئەوەشیان وا پێناسەكرد، كەوا ئەم رۆمانه ( كەشكۆلی سیحره له دۆستایەتی و خیانەت و ئاوێتەی گاڵتەجاری كەلتووره. به نۆره دڵشادو دڵتەنگە. به قووڵی له پەیوەندییە كۆمەلایەتیەكانی نێوان خێزانه بەنەژاد بنجابیەكانی دانیشتووی دەڤەری خۆرهەلاتی لندن دەدوێت، كه بۆ كارو پەیوەندی و قاوەخانەكان دەزڤرنه بەشی خۆرئاوای لندن ).

رەخنەگرێك، وا پێناسەی یەكێك له كتێبەكانی كردووه:

ئەو كتێبە لەو جۆرانەیە، زۆر بەپەلەی بۆ خوێندنەوەی بگەرێتەوه ماڵێ. پێناسه لەمە باشترو شیاوتر نابێ. لەو سەردەمەی كتێب نافرۆشێت و بازاری سارده. كتێبفرۆشەكان لەبەر زۆری كەنالەكانی راگەیاندنی وەك رادێوو سینماو تلفزیون، لەم دواییانەدا كۆمپیوتەریش، گازاندەیان لەساردی بازاره. لەم سەردەمەدا خوێنەر تەنگاوی گەیشتنەوەی ماڵەوه بێت تا رۆمانێك تەواو بكات. ئەوه جێگای دڵخۆشكەره بۆ گەشەی كتێب و بازارو فرۆشتنی. نوسەری هیندی وا ئەگەر لەسەر نوسین و بەرهەم بەردەوام بێت، ئەوا سەردەمی زێرینی كتێب دەگێرێتەوه.

ئەوەی ماوه رەنگە دوایی نەبێت، ئەویش نوسەری لاو ( زادی سمیس) ه. پاش دوو ساڵ بەسەر وەرگرتنی خەلاتی ( ویتبرد )ی بریتانی ناودار، وا لەبەر رۆمانی " ددانه سپییەكان"ی

، خەلاتی رۆژنامەی ( گاردیان) بۆ باشترین كتێب وەردەگرێت. هەروەها هەمان رۆمان خەلاتی ( جیمس تیت بلاك)ی بیرەوەری بۆ چیرۆك، وەردەگرێت. هەر زوو رۆژنامەی

( ئوبزێرفر) به پێشەكی سەدەی تازەی ناوبرد، ئەوەش زۆر دەگەێنیٚ.

تا ئیمرۆش رەخنەگران و شارەزایان كۆك و سەرسامن به بەرهەمی ئەو ژنە هیندییە رۆماننوسانه، به شكۆوه ناویان دەهێنن. یەكێكیان نوسیویەتی، كه رۆمانی (ددانه سپییەكان)ی بینیبوو، وتبووی : شێوەی نوسینی ( زادی سمیس) نایاب و خرۆشانی مۆسیقایە، له داهاتوودا ترستان نەبیٚ، مادام داهێنەری لەم جۆرەمان هەبیٚ، ترستان نەبێت. لەوه زیاتر چیتر بوترێت. . . ؟؟ تا ئیمرۆش رۆژنامەو گۆڤارەكان ستایشی ئەو نوسەرەو ئەم رۆمانانه دەكەن.

رۆژنامەی ( تایمز) ی لندنی وا باسی دەكات:

ئەوەی لەم رۆژانەدا زۆر ناوی دێت، ئەو رۆمانەیە كه یەكەم بەرهەمی نوسەرەكەیە، رۆمانەكه گاڵتەجاریی و بلاٚوو دڵگەرم و دڵگەورەیە. رەخنەگران و خوێنەران بایەخی بیٚ سنووری پێدەدەن. باس له ئەڤین، شەر، سیٚ خێزانی كەلتوور جیاوازو هی سیٚ سەردەمی جیاواز دەكات. دەگەرێتەوه دوێنیٚ، رۆمانەكه فێلبازانەیە، گەزه دەگرێت، رۆمانێكه دەبیٚ بخوێندرێتەوه.

رۆمانی ئەو ژنە هیندیانە هەر ئەوە نىیە چەند لاپەرەیەکیان پڕکردبێتەوە. . ! چۆن هاتن و چۆن گەڕانەوە. . !! چییان وت. . !؟؟ رۆمانەکان تەنیا گێرانەوەی چەند بەسەرهاتی هەرزانی جنسی و کات بەسەربردن نین. . ! رۆمانەکان ئەوە نین چەند لاپەرەی ئاودیو بکەین ماناکەی نەگۆرێت. . . ! رۆمانەکان خوێنەر بێزار ناکات. بەڵکو کاری هونەری بەرزن و هەموو وشەیەك پر بە پیستی خۆی بەکارهاتون. هەموو بۆ پێویست و گرنگی بەکارهاتوون. رستەکان بۆ ئەوەن مرۆڤایەتی چۆن بژیین، چۆن مامەلە بکەن، چۆن دڵشادبن لەو گێتیە جەنجالەدا. ئەوان ئەوانەیان دۆزیوەتەوە کە بلیمەت و زاناو فەیلەسوفەکان لە دێرەزەمانەوە بەدوایاندا گەراون. کە خوێنەر لە خوێندنەوەیان دەبێتەوە هەست دەکات کاتەکەی بەفیرۆ نەداوە. ئوسلوبیان ئاوێتەی خۆشی و تام و راستگۆییە. بە کورتی نوسینەکان پڕن لە جولەو گالتەو راستی. خوێنەر بە دەست بەتاڵی تەواو نابێت.

لە رۆژنامەی الشرق الاوسط رۆژی ١٩ / ١٢/ ٢٠٠١ وەرگیراوە.